نیشاندەرە سەرکیەکان :

1- لە سالی 2016 ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆکە تۆمار کراوە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (4,040) ڕووداو بووە و لەوانە(511) ڕووداوی مردن بە ڕێژەی(12.6%) و(3,529) لەو ڕووداوانە بە بێ زیانی گیانی بووەبە ڕێژەی

( 87.4 %).

2- تۆماری ڕووداوەکانی پێکداداان لە ساڵی 2016 گەیشتە (2,509) ڕووداو بە ڕێژەی (62.1% )کە بەرزترین ڕێژە بووە بە بەراورد لەگەڵ ڕووداوەکانی تر ، وەرگەڕان (801) بە ڕێژەی( 19.8%) ، بەرکەوتنی مرۆڤ بە ئۆتۆمۆبێل (515) بە ڕێژەی (12.8%) ، هي تر (215) بە ڕێژەی (5.3%) تۆمار کراوە.

3- ژمارەی قوربانیانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ( 9,263 )بووەکە گیان لەدەستدان( 685 )کەس وبە ڕێژەی (7.4%) و ژمارەی بریندار( 8,578 )کەس بوونە بەڕێژەی (92.6%)..

4- ئەنجامەکانی ڕاپۆرتەکە دەری دەخەن کە زۆرترین هۆیەکانی ڕووداوی هاتووچۆ بە هۆی شوفێرەوە بووە کە دەکاتە(2,206)ڕووداوبەرێژەی (54.6%), و ئەوانەی بەهۆی ئۆتۆمۆبێل بووە ژمارەیان (1,302) بە ڕێژەی(32.2%), بەهۆی ڕێگاوبان(54)بە ڕێژەی (1.3%), بەهۆی سەرنشینەکان (40) ڕووداو بووە بەرێژەی(1.0%), بەهۆی پیادە (420) ڕووداوي لێکەوتەوە بەرێژەی (10.4%) وە بە هۆیەکانی ترژمارەیان (18) ڕووداو بووە بەرێژەی (0.5%).

5- ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆکە تۆمار کراون بە پێی مانگەکان, مانگی ئەیلول(431) ڕووداوو بەرێژەی (10.7%), مانگی ئاب(427) ڕووداو بەرێژەی (10.5%), مانگی تشريني يەکەم (371) ڕووداو بەرێژەی (9.2%) وکۆی ڕووداوەکان بۆ مانگەکانی تر (2,811) ڕووداو بووە بەرێژەی (69.6%).

6- بە پێی ئەنجامەکانی ڕاپۆرتەکە دەرکەوتووە کە لە شاری هەولێر ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ گە یشتۆتە (1,439)ڕوودداو بەرێژەی (35.6%) کە بەرزترین ڕێژە بووە لە هەرێمی کوردستان بە بەراوورد بە پارێزگاکانی تر. پاشان پارێزگای سلێمانی (1,234) دێت بەرێژەی (30.6%), پارێزگای دهۆك (1,177) بەرێژەی (29.1%) و ئیدارەی گەرمیان (190) دێت بەرێژەی (4.7%) لە کۆی ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ.

7- ڕووداوەکانی هاتووچۆ کە لە ڕۆژدا ڕوویانداوە ژمارەیان (2,408) ڕووداوە بووە بەرێژەی (59.6%) وە لەکاتی شەودا(1,346) ڕووداو بووە بەرێژەی (33.3%), لەکاتی ڕۆژهەڵات (172) ڕووداو بەرێژەی(4.3%) و لە کاتی ڕۆژئاوا(114) ڕووداو تۆمارکراوە بەرێژەی (2.8%).

